## ئەژدەر وەهبی:

# هەر کەسێک ئازادە گوێ لە چی دەگری



**هەر لەو کاتەوەی کە بۆ یەکەمجار هونەرمەندی لاو ئەژدەر وەهبی دەرکەوت و ناسرا ئەوانەی شارەزای هونەر و بەهرەی هونەری و دەنگخۆشین پێشبینی ئەوەیان دەکرد کە پاشەڕۆژێکی پرشنگدار و، ئەگەر بورا هەبێت ئەوا دەتوانێت خزمەتێکی بەرچاو پێشکەش بە هونەری کوردی بکات لە ڕێگای دەنگە خۆشەکەیەوە، هەر واش دەرچوو بەرهەمی (دییەم) گەواهی دەری ئەم ڕاستییەیە، چونکە لەم بەرهەمەدا توانا هونەرییەکانی زیاتر بۆ جەماوەر روون بۆوە و ئەویش هەرچی لە توانایدا هەبوو پێشکەشی کرد و ئەنجامەکەشی سەرکەوتنێکی بێ وێنە و ڕەزامەندی جەماوەر و عاشقانی دەنگی خۆی و هونەری کوردی.**

**ماوەیەك بەر لە ئێستا دوا بەرهەمی هونەرمەند ئەژدەر وەهبی لە لایەن کۆمپانیای کۆرەك میوزیکەوە لە هەر چوار پارچەی کوردستان و لە دەرەوەی کوردستانیش بڵاوبۆوە، بەپێی پێشبینی و لێکدانەوەی سەنتەرەکانی دابەش کردنی بەرهەمە هونەرییەکان ئەم بەرهەمە بە یەکێك لە پڕ فرۆشترین بەرهەمە هونەرییەکانی ئەم ساڵ دادەنرێت، بۆیە بە پێویستمان زانی ئەم دیمانەیەی لەگەڵدا ساز بکەین بۆ ئەوەی لە نزیکەوە باسی بەرهەمەکەی بکات.**

***بەبۆنەی بڵاوکردنەوەی بەرهەمی نوێت چ پەیامێکت هەیە بۆ جەماوەر و عاشقانی دەنگ و هونەری خۆت؟**

- حەز دەکەم لەم مینبەرەوە ئەوە بڵاوبکەمەوە کە بەڕاستی زۆر دڵخۆش بووم بەو پێشوازییە گەرمەی خەڵکی خۆشەویست و هیوادارم ئەم ئەلبوومەم جێگای ڕەزامەندی هەموو لایەك بێت و پەیمانیان پێ دەدەم کە هەمیشە لە کاری جوان بێبەشیان نەکەم و هیوادارم توانیبێتم ساتێك لە ساتەکانی ژیان لەگەڵ خۆشی و ناخۆشییەکانتان بوویێتم.

*** بۆچی تا دوایین سات لایەنی بڵاوکردنەوەی بەرهەمەکەت ئاشکرا نەبوو؟**

- لە ڕاستیدا من وەك خۆم هەموو کارەکانی ئەو ئەلبوومەم تەواو کرد بوون لەگەڵ کۆمپانیای کۆرەك میوزیك توانیمان گرێبەستێك بە ئەنجام بگەیەنین بۆ ئەنجام گەیاندنی بڵاوکردنەوەی ئەم ئەلبوومە بەو شێوەیەی ئەوان ببن بە سپۆنسەری ئەم کارە، بۆیە زووتر باس نەکرا، کۆرەك میوزیك زۆر بە جوانی کاری بڵاوکردنەوەیان ئەنجام داوە کە شایەنی سوپاسن.

*** بۆچی ١٤ تراك لە یەك بەرهەمدا، ئایا ئەمە زۆر نییە؟**

- بێگومان من ماوەی ٤تا ٥ ساڵ دەبێت هیچ بەرهەمێکی هونەری تازەم پێشکەش نەکردووە، هەر بۆیە پێم خۆش بوو گوێگرانی خۆم بە زۆرترین کاری هونەری خۆم خزمەتیان بکەم و ئەگەر بتوانم هەمیشە بەم شێوەیە کار دەکەم.

*** بەرهەمی پێشووت (دییەم) زۆر سەرکەوتوو بوو، پێشبینی ئەوە دەکەیت ( لێم ببورە) هەمان سەرکەوتن بە دەست بهێنێت؟**

- بێگومانم لەوە وابزانم خەڵکی خۆشەویست شایەت حاڵن، بە هەمان شێوەی لەم ئەلبوومەمدا کاری زۆر جوانم تێدا کردووە و ئێستا لە سەرتاسەری کوردستان و دەرەوەش بەر هەمی نوێم (لێم ببورە) بڵاوبۆتەوە هەر بۆیە چاپی دووەمی لەم ڕۆژانەدا بڵاودەکرێتەوە و بە پێی پێشبینی و بۆچوونی سەنتەرەکانی بڵاوکردنەوەی کارە هونەرییەکان لە ماوەی ٤ ساڵی ڕابردوودا هیچ سیدییەك ئەوەندە بە گەورەیی و گەرمی پێشوازی لێ نەکراوە، بێگومان ئەمەش جێگای دڵخۆشی منە، سوپاس بۆ ئەو سەنتەرانەش کە توانیویانە بە شێوەیەکی جوان بڵاوی بکەنەوە.

*** تا ئێستا هیچ کلیپ بۆ گۆرانییەکانی نەکراوە؟**

- بەڵێ ئەوە بوو هەر لەگەڵ بڵاوکردنەوەی ئەلبوومەکەم کلیپی (دڵی من) بڵاوکرایەوە، هەروەها دوو کلیپی دیکەم بۆ کردووە بە شێوەی فیلم کوالیتی و لە داهاتوویەکی زوودا دەیبینن.

***بۆچی وەك زۆربەی هونەرمەندان نەهاتی و لە هەولێر لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەنووسیدا بڵاوی بکەیتەوە؟**

- لە ڕاستیدا دەرفەتی ئەوەم نەبوو بتوانم لە گۆنگرەیەکدا لەگەڵ هەموو ئەوانەی لە ڕۆژنامەکان یان لە دەزگاکانی دیکەی ڕاگەیاندندا کار دەکەن لە نزیکەوە وەڵامی هەموو پرسیار و تێبینییەکانیان بدەمەوە، بەڵام بە ئومێدم لە داهاتوویەکی نزیکدا بتوانم ئەو کارە بکەم.

*** تۆ پێشتر گوتت حەز ناکەم زوو دەرکەوم مەگەر کارێکی باشم پێ نەبێت، ئایا ئەم بەرهەمە نوێیەت بەو شێوەیە کە تۆ دەتەوێت؟**

- بەڵێ لە ڕاستیدا من کەسێکم تەنیا بۆ دەرکەوتن کاری هونەری ناکەم، هەر بۆیەش لە زۆر پرۆگرامی تەلەفزیۆنەکانیشدا بەشدار نابم، بەڵام ئەم کارەم شایەنی ئەوەیە کە بتوانم لە چەند کەناڵێکی تەلەفزیۆنیدا لەسەری بدوێم، وەك خۆم حەز بە دەرکەوتن ناکەم.

*** لە کارەکانی پێشووتدا تێکەڵاوییەك هەیە لە ڕێتمەکاندا، تا چەند خۆت لەم شێوەدا سەرکەوتوو دەبینی؟**

- ئەوەی ڕاستی بێت ئەم کارە نوێیەشم هەر بەو جۆرە ئەنجامداوە و پێم وایە بەم شێوەیەی کار کردنم هەمیشە سەرکەوتن بەدەست دەهێنم، ئێمە دەبێ ئەوە بزانین کە میللەتی ئێمە گوێی بە هەموو



ڕێتمەکان ڕاهاتووە و بە هەموو ستایلێکیش، هەر بۆیە من لەم دوو ڕووەوە لەم ئەلبوومەدا کارم کردووە.

*** بۆچی تا ئێستا وەك پێویست لە کوردستان کۆنسێرت و ئاهەنگ ساز ناکەی؟**

- لێرەدا پێویستە ئاماژە بە شتێك بکەم کە شایەنی باس کردنە ئەویش ئەوەیە کە تا ئێستا لە زۆر شوێنەوە پێم وتراوە بۆ ئەوەی ئاهەنگ ساز بکەم بەتایبەتی کۆمپانیاکان هەروەها تەلەفزیۆنەکان و لە لایەنە سیاسییەکانیشەوە، بەداخەوە تا ئێستا ئەو دەرفەتەم بۆ نەرەخساوە، بەڵام لە داهاتوودا لە نیازم کارێکی گەورە لە کوردستان بەتایبەتی لە شارە جوانەکەی هەولێری پایتەخت بەو هیوایەم لە ئایندەیەکی نزیکدا بتوانم ئەو کارە بکەم.

*** ئێستا بەشێك لە هونەرمەندان لە جیاتی ئەوەی بەرهەمێك بڵاو بکەنەوە گۆرانییەك بە شێوەی سنگڵ دەڵێن و بڵاوی دەکەنەوە ئەم دیاردەیە چۆن دەبینی؟**

- من تەنیا دەتوانم باس لەڕای تایبەتی خۆم بکەم بەڕای من ئەم کارە خراپ نییە و پێم وایە لە هەموو دونیا ئەم شێوە کارکردنە هەیە، بەڵام بە بۆچوونی من لە ناو هونەری کوردیدا ئەمە دەگەڕێتەوە سەر باری ئابووری ئەو هونەرمەندە، چونکە ئەگەر کاری ئەلبوومێك بکەیت ئەوا پێویستی بە خەرجی و مەسرەفێکی زۆر هەیە و لە دواییدا هونەرمەندی کورد هیچی بۆ ناگەڕێتەوە، بەڵام ئەگەر کاری سینگڵ بکات ئەوا گوێگرانی خۆی بێبەش ناکات و دەتوانێت هەمیشە بێبەشیان لە دەنگ و هونەرەکەی، دووبارە دەڵێمەوە بە بڕوای من ئەمە هەمووی دەگەڕێتەوە بۆ باری ئابووری هونەرمەند.

*** بەڕای تۆ مافی هونەرمەندی کورد چۆن و لە لایەن کێ دەخورێت؟**

- من تێناگەم تا ئێستا هونەرمەندانی کورد هیچ مافێکی هەیە تا باس لەوە بکەین کە مافیان دەخورێت، ناتوانین تەنیا لە چەند دێڕێکدا باسی لێوە بکەین، بەڵام تەنها ئەوە دەڵێم هیوادارم ڕۆژێك لە ڕۆژان شوێنێکی تایبەت دابنرێت بۆ مافی هونەرمەندان، چونکە هونەرمەندان هەمیشە مافیان خوراوە چ لە دەرەوە چ لە ناوەوەی کوردستان بێت و لەم بوارەوە نموونەشمان زۆرە.

***زۆر جار باس لە دیاردەی ئەرابیسك و ئەم جۆرە دیاردانە دەکرێت لە نێو هونەری کوردیدا، پێت وانییە ئەم مەسەلەیە زیاد لە پێویست باس کراوە؟**

- ئەم مەسەلەیە ئێستا زۆر بڵاوە لە کوردستان و هەموو کەسێك باسی دەکات بەتایبەتی لەناو هونەرمەندان و لە سایت وڕۆژنامەکان و دەزگاکانی ڕاگەیاندن، بەڵام من تەنها ئەوە دەڵێم ئەو کەسەی حەز بەم شێوازە نەکات با گوێی لێنەگرێت لە لایەن خۆیەوە با کاری دیکە بکاتەوە و بە ستایلی خۆی کار بکات و هەر هونەرمەندێ با بە شیوازی خۆی کار بکات.

*** بۆچی هەندێك لە هونەرمەندان پشت بە موزیکژەنی بیانی دەبەستن لە کارەکانیاندا لەجیاتی ئەوەی کار لەگەڵ موزیکژەنی کورد بکەن؟**

-ئەم پرسیارە لە ڕوانگەی خۆمەوەی دەتوانم وەڵامی بدەمەوە، من ئێستا لە دەرەوەی وڵات دەژیم لێرە موزیکژەنەکانمان بڵاوبوونەتەوە و هەریەکیان لە شوێنێکی جیاواز و دوور دەژین ئەمەش کارێکی سەختە ئەگەر بتەوێ کۆیان بکەیتەوە هەر بۆیە هەوڵ بۆ ئەو کەسانە دەدەین کە نزیکی خۆمانن.

من زۆرم پێخۆشە هەردەم لەگەڵ موزیکژەنە کوردییەکاندا کار بکەم هەموویان هاوڕێی منن و زۆریش خۆشم دەوێن، من لە زۆر شوێنی دیکەش باسم لەوە کردووە کە هیوادارم بتوانم کارێك لە کوردستان بە ئەنجام بگەیەنم و موزیکژەنانی کوردم لەگەڵدا بێت ئومێدەوارم بتوانم لە ماوەیەکی زوودا ئەو کارە بکەم، هونەرمەندانی ئێمە ڕوو دەکەنە تورکیا یان ئێران لە ڕاستیدا هۆکاری ئەم دیاردەیە ئەوەیە کە لەو وڵاتانە زۆر بە ئاسانی کارەکانت بۆ ئەنجام دەدەن، وەك خۆشتان هونەرمەندانی ئێمە کاتێك کار بۆ سیدیەیەك دەکەن هەموو ئەرکەکەی لەسەر شانی خۆیانە و هونەرمەندانیش زۆر پێوەی ماندوو دەبن، هیوادارم کەس گلەیی لە هونەرمەندان نەکات و ڕەخنەی ئەوەیان لێنەگرێت کاتێك دەچنە وڵاتی دیکە بۆ کاری هونەری بەتایبەتی هونەرمەندانی دەرەوەی وڵات بەو ئومێدەی ستۆدیۆی باش لە کوردستان دابنرێت بۆ ئەوەی هەموو هونەرمەندان ڕوو بکەنەوە کوردستان و لەوێ کاری خۆیان بە ئەنجام بگەیەنن.



●●●
**بە پێی پێشبینی و بۆچوونی سەنتەرەکانی بڵاوکردنەوەی کارە هونەرییەکان لە ماوەی ٤ ساڵی ڕابردوودا هیچ سیدییەک ئەوەندە بە گەورەیی و گەرمی پێشوازی لێ نەکراوە**
●●●

●●●
**من تێناگەم تا ئێستا هونەرمەندانی کورد هیچ مافێکی هەیە تا باس لەوە بکەین کە مافیان دەخورێت**
●●●



ئەمەل حیجازی بۆ گوڵان:

# چۆن ئاوازی تورکیم گوتووە، ئامادەم ئاوازی کوردیش بڵێم

ئەمەل حیجازی هونەرمەندێك دەنگ ناسکە و گۆرانییەکانی گوزارشت لە خۆشەویستییەکی راستەقینە دەکەن هەر بۆیە هەر کەسێك گوێی لێ بێت هەست بە رەسەنایەتییەك دەکات، چونکە گۆرانی و شێوەی گوتنی ئەمەل تا رادەیەکی زۆر جیاوازی هەیە، هەرچەندە ئەویش وەك زۆربەی کچە گۆرانیبێژە لوبنانییەکان رووبەرووی رەخنەی زۆر بۆوە، بەڵام ئەمە وای نەکرد کە کاریگەرییان بەسەر بەردەوام بوونیدا هەبێت، بۆیە دوای ئەوەی ژیانی هاوسەریشی پێکهێنا هەر خەریکە گرنگی بە گارە هونەرییەکانی خۆی دەدات، لە پەیوەندییەکدا بە تەلەفۆن ئەمەل حیجازی بەم شێوەیە وەڵامی پرسیارەکانی داینەوە.

دیمانە/ خەلیل بلەیی
Xalil2001@yahoo.com

*** ئایا شووکردن و دووگیانی نەبوونەتە هۆی دوورخستنەوەت لە کاری هونەری؟**

- بێگومان هەر گۆڕانکارییەکی نوێ لە ژیانی هونەرمەند کاریگەری دەبێت لەسەر ئەو ڕەوتەی کە ئەو پێشتر لەسەری چووە، ڕەنگە وەك جاران کاتی نەبێ و نەتوانێت هەموو کاتی خۆی بۆ کاری هونەری تەرخان بکات، ئەمەش زۆر ئاساییە بەتایبەتی بۆ ئافرەت، منیش وەك هەر ئافرەتێك شوو کردن و سکپڕ بوون تا ڕادەیەك کاریگەرییان هەبوو، بەڵام نەگەیشتە ئەو ڕادەیەی دوورم بخەنەوە بەڵکو تەنیا ڕاوەستانێکی کاتی بوو، ئێستا خۆم ئامادە دەکەم بۆ تۆمار کردنی کلیپێکی و نوێ و بەم زووانە دووبارە دەگەڕێمەوە سەر کار و چالاکییە هونەرییەکانی خۆم.

*** بەر لە چەند ساڵێك لۆك و شێوەی خۆت گۆڕی و هەندێك کەس ڕەخنەشیان لێگرتی هۆکاری ئەو گۆڕانکارییە چی بوو؟**

- من خۆم هەمیشە حەز لە نوێکاری دەکەم بۆیە ئەو دەرکەوتنەی من شێوەی دیکە لێکدرایەوە هەرچەندە ئەگەر بمزانیبایە دەکاتە ئەو ڕادەیە ڕەنگە هەر پێی ڕازی نەبام، بەڵام ئێستا من گەڕاومەتەوە سەر لۆکی کۆنی خۆم و تەنیا بۆ ماوەیەکی دیاریکراوە لە یەك کلیپیدا گۆڕی بووم ئەویش لەسەر داوای دەرهێنەر بوو، چونکە کلیپەکە وای دەخواست.

*** زۆر کلیپت هەیە کە هەر یەکیان سیناریۆیەکی جیایان هەیە هەندێکیان سەمای تێدایە هەندێکی دیکە خەم و ناخۆشی، کامیان کاریگەریی ئیجابییان هەبووە بەتایبەتی لە لایەن جەماوەرە؟**

- بەڕاستی هەموو کلیپەکان کاریگەری ئیجابی خۆیان هەبوو، ئارەزوو و پستی خەڵك جیایە لەگەڵ یەکتری، هەندێکیان (بیاع الورد) یان زۆر بە دڵ بوو هەندێکی کلیپەکانی دیکەیان بە دڵ بوو، بەڵام پێویستە لەسەر هونەرمەند و دەرهێنەر بزانێت لە هەر کلیپێکدا چۆن دەربکەوێت، چونکە هەر کلیپێك پێویستی بە سیناریۆ و شێوەی دەرکەوتنی تایبەت هەیە، ئەگەر هۆنراوەکە باس لە خەم و ناخۆشی بکات دەبێ بە شێوەیەك دەربکەوێ کە گوزارشتی لێ بکات، بەڵام هەر گۆرانییەك کاریگەری خۆی هەیە لە ڕووی هونەرییەوە.

*** زۆر لە کچە هونەرمەندەکان پشت بە ڕووژاندنی زیاد لە پێویست دەبەستن بۆ سەرکەوتن ڕات چییە بەرامبەر بەمانە؟**

- هەر کەسێك ئازادە بۆ خۆی چۆن دەردەکەوێ، من خۆم دژی ئەو شێوازەم کە ئێستا هەیە و پشت بە ڕووژاندن دەبەستێت و پێموایە ئەمە هونەر نییە و ناکرێ ئەو جۆرە کەسانەش بە هونەرمەند ناوببرێن، بەڵام خەڵکانێك هەن حەز لەو جۆرە دەرکەوتنە دەکەن.

*** ئەی ئەوانەی پشت بە جوانی دەبەستن؟**

- ئەمەش بۆ ماوەیەکی دیاریکراوە، پێموایە ئەمانە نابنە هونەرمەندی وا کە بە تێپەڕبوونی کاتباسیان بکرێت، تەنیا لە ماوەیەکدا دەردەکەون ئەو ماوەیەش زۆر کورتە .

*** ئەگەر داوات لێبکرێت بەدشاری لە کارێکی سینەماییدا بکەیت ڕازی دەبی؟**

- کاری سینەماییم پێشکەش کراوە، بەڵام ئێستا بیری لێ ناکەمەوە، چونکە ئەو کاتەم نییە تەنانەت لە بواری گۆرانی گوتنیشدا کەم تەرخەمم و هەر کارێکیش ئەگەر کاتی تەواوی بۆ تەرخان ناکەی کەم تەرخەم دەبی تێیدا، من ئێستا ئەرکی ماڵەوەم لەسەر شانە هەروەها سکم هەیە بێگومان ئەو کاتەم نییە فریای هەموو کارەکان بکەم، جگە لەمە من گۆرانیبێژم نەك ئەکتەر ڕەنگە بەهرەی ئەوەم نەبێت ببم بە ئەکتەر و پێموانییە ئەوانەی گۆرانی دەڵێن و ئەکتەرن لە یەك کاتدا سەرکەوتوو بن، بۆیە بیرۆکەی نواندن زۆر لە منەوە دوورە .

*** ڕیکلام تا چەند بۆ هونەرمەند گرنگە؟**


- من دڵنیم نەك بۆ هونەرمەندی گۆرانیبێژ بەڵکو بۆ هەموو ئەو کەسانەی کە لەنێو کۆمەڵگادا ناوبانگیان هەیە زۆر گرنگە وەك یاریزان و ئەکتەر و دەبێتە هۆی ئەوەی زیاتر دەرکەوێت، هەروەها بۆکۆمپانیاکانیش سوودی زۆری هەیە، چونکە ئەوانیش سوود لە ناوبانگی ئەو کەسانە وەردەگرن و لە کۆتاییدا سوودی ماددی زۆریان پێ دەگات، گرنگ ئەو نرخە نییە کە دەدرێتە هونەرمەند گرنگ ئەوەیە ئەو دەرکەوتنە لە ڕووی ماعنەویشەوە سوودی هەبێت.

*** گرنگترین ئەو گرفتانەی هاتوونەتە سەر ڕێگات؟**

- من وەك هەر هونەرمەندێکی دیکە دووچاری گرفتی جیا بوومەتەوە، زۆر جاریش گرفتەکان ئەوەندە گەورە نەبوون کە بەو شێوەیە باسیان لێوە بکرێت، بەڵام دەزگاکانی ڕاگەیاندن گەورەیان کردووە، بۆ نموونە کاتێك باسیان لەوە کرد کە من ڕێگام لێگیراوە بچم بۆ وڵاتی کوێت، گرفتەکە بەو شێوەیە نەبوو و هەر دەوڵەتێکیش مافی خۆیەتی ڕێگە بە هەر کەسێك بدات بچێتە ناو خاکەکەیەوە یان نا، هەروەها سەردەمێك باسی دەرکەوتنی منیان دەکرد لە کلیپی (بیاع الورد) و شێوەی دەرکەوتنم لەو کلیپەدا، ئەمەش بە هەڵە لێکدرایەوە ئەگەر من بمزانیبایە ئاوا باسم دەکرێت بە هیچ شێوەیەك ڕازی نەدەبووم.

*** کەواتە تۆ ئاگادار نەبووی؟**

- نەخێر بە هیچ شێوەیەك، چونکە من مرۆڤێکی مولتەزمم و لە خانەوادەیەکی موحافیزکارم و هیچ کاتێك پەیوەندی نێوان خۆم و خوام نەپساندووە، بگرە زۆر پابەندم بە ڕۆژوو گرتن و نوێژەکانم و زۆر جار لە مانگی ڕەمەزانادا من





لە کاری هونەری دادەبڕێم، تەنانەت چەند جارێك باسی ئەوەم کردبوو کە زۆر ئاسـایـیە من حیجاب بپۆشم، بەڵام تا ئێستا بیرم لەوە نەکردۆتەوە واز لە گۆرانی بهێنم، چونکە دەبێ ئەو کارە بە قەناعەتەوە بکەم.

*** ئەی بۆ بەو شێوەیە باس کرا؟**

- هەندێـك رۆژنامەنـووس هـەن دەیانـەوێ هونەرمەندە سـەرکەوتووەکان لە کاری بخەن و گرفتیان بۆ دروست بکەن ئەویش بـە وروژاندنی هەندێك شـتی دوور لە راسـتی و گەورەکردنی هەندێك شتی بچووك.

*** کەسێك هەیە رقی لە تۆ بێت؟**

- مـن ناتوانم ناوی هیچ کەسـێك بهێنـم، چونکە هەموو هونەرمەندان تووشـی حاڵەتی وا دەبنەوە، بەڵام لە کۆتاییدا هەموو شتەکان ئاشکرا دەبن .

*** ئایا زانیاریت هەیە کە جەماوەرت لە کوردستان هەیە؟**

- زۆر خۆشحاڵم هیوادارم بتوانم رۆژێك لە رۆژان ئاهەنگیان بۆ ساز بکەم.

*** ئەی سەبارەت بە هونەری کوردی؟**

- ئەوەی راسـتی بێت زانیاری ئەوتـۆم نییە، بەڵام ئەگەر گوێم لە هونەر و گۆرانی کوردی ببێت بتوانم سـوودیان لێ ببینم .



*** ئایـا جگە لە مۆسـیقای عەرەبی سـوودت لە ئاوازی گەلانی تر وەرگرتووە؟**

- من لە ئاوازی تورکی گۆرانی گوتووە وەك گۆرانییەکانی (زمان) و (اخر غرام) لـەم رووەوە هیچ گرفتێکم نییە لە بەکارهێنان و سوود وەرگرتن لە ئاوازی بیانی ئەگەر خۆش بێـت جا هی کێ بێـت و لە هەر شـوێنێك بێت، چونکە مۆسـیقا هیچ ناسـنامەیەکی دیاریکراوی نییە، گرنگ ئەوەیـە مۆسـیقاکە خۆش بێـت و گۆرانییەکەش مانای هەبێت.

*** کەواتـە ئەگەر ئاوازێکی کوردیت بەر گوێ کەوت و بە دڵت بوو دەیڵێی؟**

- بێگومان زۆر ئاساییە ئەگەر بیڵێم.

*** گەلی لوبنان بەوە ناسـراوە کە عاشقی ئازادییە، ئایا تۆ چۆن دەروانییە کێشـەی گەلی کورد لە عێراق و تورکیا و سوریا و ئێران؟**

- گەلـی کورد گەلێکی زوڵم لێکراوە بە درێژایی مێژوو، من لە خوا داواکارم کە لە داهاتوویەکی نزیکدا ئازادی رادەربڕینی خۆی بەدەست دەهێنێت و وەك هەموو گەل و نەتەوەکانی جیهان بە ئاشـتی و ئازادی بژیێت و بە گشت مافەکانی خۆی شاد بێت، ئێمە لە لوبنان زۆر ئازار و ناخۆشـیمان چەشتووە لەبەر ئەوە رەنگە زیاتر لە گەلانی تر هەسـت بە ئێش و ئازارەکانی بکەین.

*** دوایین کارە هونەرییەکانت چین؟**

- دو وکلیپـم تۆمار کردووە یەکیان بەنـاوی ( قلبی ناداك) دووەمیشـیان بەناوی (دق الماى ) یەکەمیـان لەم هەفتەیە لەکەناڵی رۆتانا دادەبەزێت ئەوی دیکەشـیان دوای دووانگی دیکە دادەبەزێت هیوادارم بە دڵی جەماوەر بێت و ئێوەش گوێتان لێی بێت، چونکە ئەوەی گوێبیسـتی بووبم گەلی کورد زۆر حەز لە هونەر دەکات.

*** دوا وتەت چییە؟**

- بە جەماوەری خۆم لە کوردستان دەڵێم رەنگە من ئاگادار نەبم لەوەی لە کوردستان خەڵکانێك هەن گوێ لە دەنگی من دەگرن و هونـەری منیان بە دڵە، ئەمەش بۆ من مایەی شـانازییە هـەر بۆیە رازی بووم بە ئەنجامدانی ئـەو دیمانەیە لەگەڵ ئێوە، هیوادارم خۆشـی و شادی باڵی بەسەر جیهاندا بکێشێت و ئەوانـەی منیان خۆش دەوێـت زیاتر منیان خۆش بووێت و هیوای سەرکەوتن بۆ ئێوەش دەخوازم لە کارەکانتاندا.



**ئەمەل حیجازی**

**لە بەرواری ١٩٧٨/٢/٢٠ لە شـاری بەیروت لە دایکبـووە پێنج برای هەیە بەناوەکانی ئیبراهیم، یوسف، موستەفا، ئەحمەد، مەحمود.**

**بـەر لە گۆرانی گوتن نمایشـکاری جلوبەرگ بووە.**

**یەکـەم ئەلبوومی لە سـاڵی ٢٠٠١ بەناوی ( اخر غرام) بڵاوکردەوە.**

**لـە سـاڵی٢٠٠٢ دووەم ئەلبوومـی بـە ناوی(زمـان) بڵاوکـردەوە کـە دەنـك و سـەدایەکی زۆری هەبوو و سەرکەوتنێکی بەرچاوی بەدەستهێنا.**

**ئێستـا یەکێکە لـە گۆرانیبێژەکانی رۆتانـا و دوای ئەوەی شـووی کرد ئێستا چاوەڕێی ئەوەیە ببێت بە دایك.**

# با رادیۆی کوردی بەغداش لەبیر نەکرێ



وەزارەتی رۆشـــنبیری هەرێمـــی کوردســـتانی عێـــراق، لەپاییـــزی پار ســـاڵ (٢٠٠٨) کارێکی زۆر بـــاش و جـــوان و شایســـتەی کرد کاتێك هەستا بە ریز لێنان لە کارمەندانی رادیۆی کرماشـــان هەر بەم بۆنەیەوە چەند کۆڕ و ئاهەنگێك ســـاز کران، لە هەولێری پایتەخت وبەرێـــز فەلەکەدین کاکەیی رۆڵێکی گرنگ و لێوەشـــاوەی نیشـــاندا لە بۆ رێزگرتن لە کارمەندانە ئەو ئێزگەیە، ئێزگەی کرماشان لە ساڵانی شەستەکانی سەدەی رابردوو دامەزرا و ئەو برا کوردە نیشتمانپەروەرانە خزمەتێکی پڕ بەهای هونەر و ئەدەب و شـــیعری کوردیان کرد لە رێگەی بڵاوکردنەوەی بەرهەمەکانیان لەو ئێزگەیە، من خۆم ئامادەکردبوو باسێکی ئەو کاتانەی رادیۆکە لە ژیاندابوو نووســـیبووم کە لە یەکێ لـــە رۆژەکانی ئامادەکردبوو و فیســـتڤیاڵەکە پێشکەشـــی بکەم لە هەمان کاتیشدا بەراوردێکی وردم ئامـــادە کردبوو لە نێوان رادیۆ کوردییەکەی عێراقی لە بەغدا و ئەوەکەی کرماشـــان، بەڵام بەداخەوە لەو کاتە رۆژێك پێش دەست پێکردنی فیســـتیڤاڵەکە خێزانەکەم دایکـــی منداڵانم لە پڕ کۆچی دوایی کرد و سەرســـامی و خەمناکی بۆمان بەجێ هێشـــت، ئیتر نەمتوانی داخی گرانم، کارەکەم جێبەجێ بکەم.

جا ئێستاس پاش ئەوەی بڕێك هاتوومەتەوە سەرە خۆم و خەریکم دەســـتکەمەوە بە نووســـینەکانم،، کە یەکێکیان نووسینێکی درێژ و بایەخدارە لە بابەت مێژووی دامەزراندنی رادیۆی کوردی بەغدا و ناوی کارمەندەکان و زۆربەی ئەو کەسانەی کە بەدرێژایی تەمەنی رادیۆکە، بە خزمەتی گەیشـــتوون و هەریەکە لەلایەن خۆیەوە و بە گوێرەی پسپۆڕی خۆی و ئەو بەهرە و توانا و زانیاریانەی کە هەیبوو خســـتبوویە خزمەتی رادیۆکە و لەویشـــەوە بۆ خزمەتی جەماوەری کوردســـتان و کەلەپـــوور و فەرهەنگ و مێژووی پڕشـــنگداری کوردستان و دەوڵەمەند کردنی لە مەیدانی هونەری ئاواز و موزیك و شیعر و هەموو جۆرە چالاکییە رۆشنبیرییەکانی تر.

لەو دەم و دەستە جارێ زۆر بە کورتی باسی دامەزراندنی ئێزگەی بەغـــدا و هەندێ ناوی ئەوانەی زۆر نزیکی رادیۆی کوردی بەغدا بوون، دەکەم تاکو رێگا بە خۆم بدەم و لە وەزیری رۆشـــنبیری داوا بکەم، وەك پێشنیارێك کە ئەم ساڵ (ساڵی ٢٠٠٩) با لە بەرنامەی (رێزلێنان) ئەگەر هەبێ لە ئێستاوە بیری لێ بکاتەوە، چونکە خۆی ( مامۆســـتا فەلەکەدین کاکەیی وەزیری رۆشنبیری ) لە وتەیەکی لـــە بـــەردەم میوانان و ئامادەبووانی فیستڤالی رێز لێنان لە شـــاعیری ناســـراوی کـــورد (خاڵە هێـــدی )، فەرمـــووی ( لەســـەر پێشنیاری شـــاعیر هێدی کە داوای کرد مەراسیمی رێز لێنان بۆ شـــاعیر گەورە( هێمن ) ســـاز بکرێ، بە تەماین( واتا وەزارەتی رۆشـــنبیری ) لە ســـاڵی داهاتوو رێزلێنان لە کۆمەڵێك کەســـایەتی لە هونەرمەندان و شـــاعیر و ئەدەیبان بنرێ و لەوانە هێمن.. تاد )..

پێویستە ئاماژە بەوە بکرێ رادیۆی کوردی بەغدا، کە لە ١٩ تشـــرینی دووەمی ساڵی ١٩٢٩ دەســـتی بە پەخشکردنی هەواڵ و گۆرانـــی کوردی کرد تا ئەو رۆژەی بـــە یەکجاری لە ناویان بردوو بێدەنگیان کرد، لەکاتی هێرش هێنانە ســـەر بەغدا لە ٢٠٠٣ بۆ لە ناوبردنی رژێمی دیکتاتۆر بەعس و ســـەدام، زۆر باڵەخانە و دەزگای حکوومـــەت و ســـیڤلیش لە ناوچـــوون و بە ئاگری شـــەڕەکەی بە سووتاندن و تاڵان کردن و فەوتاندن، و وەك بینیمان ئەرشیفی رادیۆ کوردیش بە هەمان دەرد چوو!.

جێـــی وەبیر هێنانەوەیە کە لێپرســـراوانی ئـــەو رادیۆیە و زۆر کەســـی تر درێغیان نەکردووە لە خزمەتکردنی ئاواز و مووزیك و بەرهەمی هونەری کوردی وەك : لاوك، حەیران، مەقام، بەستەی فۆلکلۆری. ئینجا مێژووی ئەدیبان و شـــاعیران و شـــارەزایانی بواری جیاجیای رۆشـــنبیری. هەر هەموو ئـــەو چالاکییانە لە بەرنامەکانـــی رادیۆی کوردی بەغدا پەخـــش دەکران و دواییش دەپارێزران لە ناو دۆلاب و لەسەر رەفەکانی بەشی ئەرشیف.

پەنا بەخوا، ئەگەر یارمەتی بدرێم لەلایەن دەزگاکانی چاپەمەنی بەشـــی (مێژووی رادیۆی کوردی بەغدا ) لەناو نامیلکەیەك بە وێنە و بەڵگەوە بـــە چاپ دەگەیەنم ئینجا بـــا ئارەزوومەندانی هونەری گۆرانی کوردی و ئاشقانی مێژووی ژیانی کەسایەتییە رۆشـــنبیرییە نەمرەکانی کوردی بزانن ئەو پێشەنگانە چییان بۆ میللەتەکەیان کردووە و بە جێهێشتووە.

تێبینی/ ستافی ئێزگە سەرەتا هەر یەك کەس بوو ئەویش کامیل کاکەمین کە خەڵکی ســـلێمانی بوو دوای ســـاڵانی ناوەڕاستی چلـــەکان بێژەر و ئەکتـــەر رەفیق چالاك لە رادیـــۆ دامەزرا، لە کۆتایی پەنجاکان عادیل عیرفان و کەریم ســـەعید زانستی هاتنە ئێزگە، لە پەنجاکان شێخ حوسێن قەرەداغی هات .

## ئالان عومەر لە سوید خەریکی چییە؟

دوای ئـــەوەی ماوەیـــەك دەبێت بە ســـەردانێك رووی لە وڵاتی ســـوید کردووە لە ماوەی رابردوودا کلیپێکی تۆمار کردووە لەسەر ئەرکی کۆمپانیـــای چوارچرا لە دەرهێنانی سامان عەدنان، هەروەهـــا دوو کلیپـــی دیکەشـــی لـــە رێـــگای کۆمپانیای ئارامۆوە لەژێر سەرپەرشـــتی دەرهێنـــەر دانیس.

لە لایەکی دیکـــەوە بڕیار وایە بـــە بۆنەی ئاهەنگی نەورۆزی ئەم ســـاڵ ئالان عومەر لە سوید ئاهەنگێك لـــە رۆژی نەورۆز ســـاز بکات لەژێر سەرپەرشتی و چاودێری کۆمەڵەی کورد لە سوید.





### هونەرمەند مەریوان ئیبراهیم بۆ گوڵان:

# تەلەفزیۆنەکان بەرامبەر کاری دراما کەمتەرخەمن

**هونەر خۆی لـە خۆیدا ماهیەتی تایبەتی مانایەکی قوڵـی هەیـە، پەیامێکـە زۆر جـار دەبێتە پردی لێك گەیشـتن لە نێـوان نەتەوە جیاوازەکان پێش کەوتنی هەر نەتەوە و میللەتێك زۆر جاران بەندە بە پێشکەوتنی هونەرەوە لـە بـەر ئـەوەی زۆر جار پەیوەندییەکی روحی هەیە لە نێوان هونەر و تاکەکانی هەر کۆمەڵگەیەك، کۆمەڵگەی ئێمـەش وەك دەبینـرێ لە پێشـکەوتنێکی خێرادایە لە هەموو رووەکانەوە بەتایبەتی لایەنی هونـەری، دیارە ئەم گۆڕانکاریی و پێشکەوتنانەش لەسەردەستی کەسانی خاوەن ئەزموون و شـارەزایی دێتە دی کـە لـە گۆڕەپانەکەدا دیار و بەرچاون و جەماوەریش گەواهیدەری ئەم راستییەن، هونەرمەند(مەریوان ئیبراهیم) هەر چەند تەمەنێکی زوودایە و دەتوانیـن بڵێیـن، بەڵام گەنجێکی چاپوك و کەسێکی دیاری نێو بـواری هونەری شـانۆ و دراما کوردییە چ وەك نواندن چ وەك دەرهێنان هەر بۆیەش ئێمە بە چاکمان زانی بە چەند پرسیارێك لە سـلێمانی هونەرمەند بەسەر بکەینەوە.**

دیمانە / سۆران مارف کەریم
Soran_marf1980@yahoo.com

*** ئێسـتا زۆرێك بەرهەم بەمەبەسـتی کاری بازرگانی بەدی دەکرێت لە شـەقامی هونەری نواندنی کوردی دا پرسـیار ئەوەیە ئایا دەکرێت ئەمانە بە هەنگاوی جددی بزانین بۆ خزمەت کردنی هونەری کوردی و پێش خستنی؟**

- بەداخەوە گوناهە بەمجۆرە کارانە بووترێ بەرهەمی هونەری، ئـەم کارانە جگە لەوەی بـۆ پارە پەیدا کردنن هیچی تر نین و بە هیچ شـێوەیەك نابێت بخرێتە قاڵبـی کاری هونەرییەوە تەنها ناو زڕاندنێکە بۆ هونەری کوردی و پێویسـتە وەزارەتی رۆشـنبیری رێوشـوێنێك دابنێت بۆ رێگەگرتن لەم جـۆرە کارانە هەر چەندە ئەم قسـانە زۆر دووبارە بوونەتەوە، بەڵام هەر پێویستە باس بکرێت بـۆ ئەوەی چیتر رێگە نەدرێت بەم جـۆرە کارانە لە ژێر چەتری هونەری کوردیدا ئەنجام بدرێن و کەسـانێك بـە خزمەت کردنی هونەری .

*** ئەی تۆ چی بە هەنگاوی جددی دەزانیت بۆ پێش خستنی هونەری کوردی؟**

- بەراسـتی هۆکار زۆرن بۆ بـرەودان بە هونەری کوردی یەك لەوانە سـازکردنی و ئنجامدانی فیسـتڤاڵی هونەرییە، چونکە سازکردنی فیستیڤاڵ خۆی لە خۆیدا جۆرە پێشبڕکییەکە بۆ کاری جـوان و جددیە، بۆیـە من پێم وایە هەر فیسـتڤاڵێکی هونەری شیاوی پێشخسـتنی هونەری کوردییە و نموونەشمان زۆرن لەوانە فیسـتڤاڵی ئاڵای زێڕین کە لە لایـەن بەڕێوەبەرایەتی هونەری سینەمای هەولێر ئەنجامدار و کاری هونەری هەموو کوردستانی لەخۆ گرتبوو کە بەڕاسـتی کاری جوان و سـینەمای تیاکرابوو، هەروەها فیستڤاڵی فیلمی کوردی بەڕێوەبەرایەتی سینەما ئەمەش چەند کارێك پێشـکەوتوو و جوانی لە خۆ گرتبوو هەموو بینەری سەرسـام کرد، چونکە کارەکان لە ئاسـتێکی هونەری زۆر بەرزدا بوون.

*** ئەو هەوڵانەی وەزارەتی رۆشـنبیری چۆن لێك دەدەیتەوە بۆ هاوکاریکردنی سـینەمای کوردی کاری لەسەر دەکات، ئایا ئەمە کارێکی یەکلاکەرەوەیە بۆ دروسـتکردنی سینەمای کوردی یاخود دامەزراندنی دەزگایەکی سینەمای بە کارێکی ئەساسی دەبینیێ؟**

- دیارە مەبەسـت و ئامانج لە دروستکردن و بەرهەمهێنانی هەر فیلمێکی کوردی جا لە هەر شـوێنێك بۆ دروسـتبوونی سینەمای کوردییە، وەزارەتی رۆشـنبیریش لە هەوڵی جیـددی داپە هەردەم پێشـوازی هونەرمەندایە و دەرگای بۆ واڵاکردن بۆ دروسـتکردنی سینەمای کوردی.

*** هەندێك لە دەرهێنەرە کوردییەکانی کوردستانی باشور گلەیی ئەوەیان هەیە زیاتر هاوکاری دەرهێنەرەکانی ئێران دەکرێن بە بەراورد لەگەڵ دەرهێنەرانی ئێرە تۆ لەو ڕووەوە چی دەڵێیت؟**

- خۆی ئەم قسەیە ڕاســـتە کە ڕێگای زیاتر بە هونەرمەندانی دەرەوە دەدرێـــت و هـــاوکاری دەکرێـــن ئەمەش نـــەك دەرهێنەران و ســـینەماکارانی کوردســـتان ئێران دەگرێتەوە بگرە ئەوانەی کە چەندین ساڵ دەرۆن و ئەم وڵاتەیان بەجێ هێشتووە دێتەوە دەڵێت لە هەندەران کاری فیلم سازی دەکەم هەرچەندە ڕەنگە نەزانێت ئەلف و بێی سینەمایش چییە لەگەڵ ڕێزم بۆ هەندێکیان هەر چۆنێك بێت هونەرمەندانی ئێران تەجروبەیان هەیە و سەلماندنووشیانە کە توانا و بەهرەیەکی زۆریان هەیە لەگەڵ ئەوەشدا هونەرمەندانی خۆمان تا ڕادەیەك پشت گوێ خراون.

*** ئاستی دەرهێنەرەکانمان بە گشتی چۆنە و تۆ وەك دەرهێنەرێك چۆن توانیووتە لەوان جیاوازتر کار بکەیت؟**

- دەرهێنەرەکانی ئێمەش هیچیان کەمتر نییە لە دەرهێنەرەکانی وڵاتانی چـــوار دەورمان تەنیا ئەوەیە ئـــەوان تەجروبەیان لە ئێمە زیاترە و هیچی تر منیش هەروەك دەرهێنەرەکانی هاوەڵم کار دەکەم هەمووشـــمان هەوڵ دەدەین کاری باش و جدی بکەینە دیاری بۆ جەماوەر و هونەر دۆستان و خزمەتێك پێشکەش بە هونەری کوردی بکەین.

*** بە گشـــتی ڕات چۆنە بەرامبەر بـــەو کارە درامایانەی کە ئێستا کە ئەنجام دەدرێت و لە شاشەکان پێشکەش دەکرێن؟**

- هیـــچ کارێك بێ کەم و کوڕی نابێت ئەو زنجیرە درامایانەی ئێســـتاش کە لە ســـەر شاشـــەی تی ڤییەکانـــەوە نمایش دەکرێن هەموویـــان کاری جـــوان و باشـــی بۆ کراوە، بـــەڵام چۆنییەتی کارکردنی دەرهێنەرێك تاکو دەرهێنەرێکی تر دەگۆڕێت ســـتافی کارەکان جیاوازی یان هەیەسەرەڕای ئەمەش دەکرێت هەوڵی زیاتر بدرێـــت بۆ ئەوەی کارەکان جۆرە جیاوازییەك بە خۆیانەوە ببینن جا لە هەر بوارێکدا بێت.

*** خاڵە لاوازەکانی درامای کوردی لە چییدا دەبینێتەوە؟**

- ناتوانیـــن بڵێیـــن خاڵەکانی ئەوەندەن یاخود لـــە یەکەوە تا دە ناکرێت، چونکە وەك لە پێشـــەوە باســـمان کردن کارێك تا کارێکی تر جیاوازیـــان هەیە ئیتر لە چیدایە ئەوە ئـــەو کاتە دەزانرێت کە کارەکە دەبینین، ئەو کاتە لاوازییەکانیان دەردەکەوێت ئیتر لە چیدا بێـــت خاڵی لاواز ەکان خۆیـــان دەردەکەون و جەماوەر و دەرهێنەر و ئەکتەرەکانیش هەستی پێدەکەن.

**ئەو فیستڤاڵانەی کە ئەنجام دەدرێت تا چەند گرنگیان هەبووە لەسەر پێشخستنی هونەری شانۆو درما؟**

- پێشتر وەڵامی ئەم پرسیارەم داوەتەوە، بەڵام هەموو فیستڤاڵێك گرنگی و تایبەتمەندی خۆی هەیە، بۆیە دەکرێت بووترێت جگە لە پێش خستنی هونەری کوردی هیچی تر لە خۆی ناگرێت.

*** تا چەند لایەنـــی پەیوەندیدار هاوکاری ئێوە بوون بۆ ئەوەی زیاتر گرنگی بە کارەکانی خۆتان بدەن لە بواری دراما و شانۆ؟**

- ئەگـــەر هونەرمەندان خۆیان هەوڵ نەدەن هیچ لایەنێك نایەت دەســـتیان بگرێت و ئیشـــیان بۆ بکەن، لە بواری شانۆ و سینەما ســـاڵانە فیســـتڤاڵ دەکرێت لە ڕێگەی وەزارەتی ڕۆشـــنبیرییەوە ئەمەش هەوڵێکی باشە، بەڵام لە بارەی دراماوە دەڵێم بەڕاستی زۆر کەمتەرخەمی کـــراوە لەلایەن تەلەفیزیۆنەکانەوە دەرهەق بە دراما، چونکـــە خۆیان کێ یان بوێـــت ڕێی بۆ خۆش دەکەن بۆ کار کردن هونەرمەندیش هەیە ســـاڵانە یاخود ٣ ســـاڵ سیناریۆیەك دادەنێت هەر وەڵامیشـــی نادەنەوە، بگرە سیناریۆکەشـــی دەفەوتێ و پێی دەڵێن خۆمان خۆش.

*** ئایا پێت وایە ئێمە سینەمای کوردیمان هەیە؟**

- بە فلیمێك و دوو فلیم ناتوانم بڵێم ســـینەمامان هەیە، بەڵام ئەگەر بێتو بەم شێوەیە دەستی هونەرمەندان بگرن و ستافی کاری باشـــمان لە وڵاتانی دراوسێوە بۆ بێنن و وۆرك شۆپمان بۆ بکەنەوە لە هەموو بەشەکانی سینەمادا ئەوا پێم وایە دەتوانین ببینە خاوەنی ســـینەمای کوردی یاخود چەند کەسێك کە لە بوارەدا کار دەکەن بنرێنە دەرەوەی وڵات وۆرك شـــۆپیان بۆ بکەنـــەوە بەتایبەتی لە بواری دەرهێنان و وێنەگرتندا کە ئەمە دەبێتە هۆکارێکی سەرەکی بۆ دروســـتکردنی فلیم، هەروەها هێنانی پێداویســـتییەکانی فلیم سازی،چونکە تاکو ئێستا ئێمە خاوەن کامێرایەکی ٢٥ ملم نین دەبا هەوڵەکان جدی تربن بۆ درووست کردنی سینەمای کوردی .

*** گرنگترین بەشدارییەکانت چین وەکو (شانۆ و دراما)؟**

- وەك شانۆ تالیێ و خەونێکی ئەرخەوان، نرخی ئازادی، قەڵای دمدم،مەم و زینی، پاســـەوان، بازرگانی ڤینیـــا تەم تومان، وەك دراماش نەمەخان، پاداشـــت، گوڵەکانی ماڵئاوایی سڵاو گوڵەکانی پاییز.

*** ئەی ئێستا چ پرۆژەیەکتان لەبەردەستە؟**

- لە خـــۆ ئامادەکردنام وەك دەرهێنەر بـــۆ فلیمی (پیاوێك لە ئاڵتون) لە لایەن بەڕێوەبەرایەتی هونەری ســـینەمای ســـلێمانی، وەك ئەکتەریش لە خۆ ئامادەکردندام بۆ بەشـــی سێیەمی لە بەشی سێیەمی (گەردەلوول)دا، هەروەها بەشداری دەکەم لە شانۆگەری گۆمی شلەقاو.

***پێـــت وایە ئێمە زیاتر پێویســـتمان بـــە کاری درامایە یاخود سینەما؟**

- پێویســـتمان بە هەردووکیانە، چونکە هەریەکەو تامو چێژی تایبەتی خۆی هەیە.

*** هۆکارەکەی چییە؟**

- ســـینەما ســـتایلێکی تایبەتی خۆی هەیە و ئەو ئامێرانەی کاری ســـینەمای پێی دەکرێت جیاوازییەکیـــان هەیە لەگەڵ ئەو ئامێرانـــەی کە درامایەکیـــان پێ دەکرێـــت، هەروەها چۆنییەتی نووســـینی ســـیناریۆ لە ســـینەمادا زیاتر و ێنە دەدوێن، بەڵام لە درامادا زیاتر حیوار واتە قسەکردن دەبێت زۆر بێت من ناتوانم ئێستا جیاوازییـــەکان هەموویان بڵێم، چونکە زۆرن و ناوترین بۆ ئەویە بە قسە و دوو قسە کۆتایی پێ بێنم.

*** دوایین وتەت؟**

- هیـــوادارم نەك تەنیا وەزارەتی ڕۆشـــنبیری بیر لەوە بکاتەوە کـــە کار بۆ هونەرمەندان بکات با ئەوانەی توانای باشـــیان هەیە لـــە ڕووی ئابووری و ماددیـــدا یاخود بڵێیـــن دەوڵەمەندەکانمان دەتوانـــن لە ڕێگای کەرتی تایبەتـــەوە کۆمپانیای بەرهەمهێنانی هونەری دروســـت بکەن ئەویش دەبێتە هاندەرێك بۆ هونەرمەندان، هونەرمەندانیـــش دەکەنەوە خۆیان و کاری جوانتر پێشکەشـــی بە جەماوەرەکەیان دەکەن.

●●●

**ئەو زنجیرە درامایانەی ئێستا کە لە سەر شاشەی تی ڤییەکانەوە نمایش دەکرێن هەموویان کاری جوان و باشی بۆ کراوە**

●●●

**بە فلیمێک و دوو فلیم ناتوانم بڵێم سینەمامان هەیە**

●●●

**بەڕاستی زۆر کەمتەرخەمی کراوە لەلایەن تەلەفیزیۆنەکانەوە دەرهەق بە دراما، چونکە خۆیان کێ یان بوویت ڕێی بۆ خۆش دەکەن بۆ کار کردن**

●●●

**دەوڵەمەندەکانمان دەتوانن لە ڕێگای کەرتی تایبەتەوە کۆمپانیای بەرهەمهێنانی هونەری دروست بکەن ئەویش دەبێتە هاندەرێک بۆ هونەرمەندان**

●●●